# Peyam

ژمارە (٦٤) | یەك شەممە | ٢٩ی ذي الحجة/ ١٤٣١ | ١٤ی سەرماوەزی ٢٧١٠ | ٢٠١٠/١٢/٥


## روسیا: قورئانی پیرۆز بە زمانی روسی کەوتە بەردەستی موسڵمانان



رۆژی سێشەممە رێکەوتی ٢٠١٠/١١/٣ لەمۆسکۆی پایتەختی روسیا، بەبۆنەی بەچاپ گەیاندنو بڵاوکردنەوەی یەکەم تەفسیری قورئانی پیرۆز، ئاهەنگێکی قەشەنگو تایبەتی سازکرا.

ئەم تەفسیرەی قورئانی پیرۆز، کە یەکەم کاری لەم شێوەیەیە لەوڵاتی روسیاو، بووەتە مایەی دڵخۆشی موسڵمانانی وڵاتەکە، لەسەر دەستی زاناو مامۆستای ناودار (شامیل عەلائەددینۆف) وەرگێردراوەو، بەشێوازێکی نوێو سەردەمیانەو، رۆحیانەیش لەهەمان کات نوسراوەتەوە.

شایانی باسە: کە (شامیل عەلائەددینۆف) زانایەکی ناوداری روسیەو، زیاتر لە ١٧ ساڵە پێشنوێژو وتار خوێنە لە مزگەوتێك لە مۆسکۆ، چەندین کتێبو بەرهەمی دیکەی هەیە.

## زیانەکانی گوناهو تاوان

گوناهو تاوان کۆمەڵێك زیانو سزای جۆراوجۆر بە مرۆڤ دەگەیەنێت لەژیانی دونیاو دوارۆژیش ئەمەش لەحاڵەتی تاکو کۆمەڵ جێگیرەو بگرە بەردەوام کاریگەریە خراپەکان دەردەکەون لەوانە:

- بێ بەش بوون لەزانستو رزقو رۆزی.
- تەنیاییو نائارامی باڵدەگرێت بەسەر دڵو دەروونیو تاوانبار هەست بە دابڕان دەکات لەنێوان خۆییو خواو خەڵکانی دەوروبەر.
- کاری ئاڵۆزو ئاستەم دەبێ.
- بێ هێزی جەستەو رەش بوونی روخسار.
- بێ بەش بوون لە تاعەتو خوا پەرستی.
- بێ بەرەکەت بوونو کوورت بوونی تەمەن.
- تاریکیو خەم باڵ بەسەر دڵدا دەگرێتو، بێ هێز دەبێت بەرامبەر نەیارانی.
- هەر گوناهێك کە دەکرێت تۆی گوناه لەدڵ دەروێنیو حەزی گوناه کردن لە دڵ زیاد دەکات.
- دروست بوونی بێ شەرمی بەرامبەر خواو گومانی خراپ بردن بە خەڵكو دەوروبەر.
- بۆ ماوەی ریسوایی.
- عەقڵو هۆش تێك دەدات.
- بەندە دەخاتە ژێر نەفرینو لەعنەتو بێ بەشی دەکات لەدوعای پێغەمبەرو فریشتەکانو موسڵمانان.
- ئاگری غیرەت لەدڵدا دەکوژێنێتەوە.
- بە گەورە راگرتنی خوا لە دڵ لاواز دەبێتو حەیاش نامێنێت.
- هۆکارە بۆ لەیاد کردنی خوا لای بەندە.
- ترسو دڵەراوکێ دەخاتە دڵی تاوانبارو ئارامی لێ دەبرێت.
- مرۆڤ لە بازنەی چاکەو چاکەکاری دەباتە دەروە.
- بێ ئومێدیو رەشبینیو خەفەت دروست دەکاتو هەمیشە مرۆڤی گوناهبار هەست بە ئاهی نەدامەت دەکات.

- گرنگترینیان لەدەستدانی خۆشەویسترینو بەنرخترین شتە، ئەویش کاتە ئەوەی بەهیچ شێوەیەك گەڕانەوەی بۆ نییەو هیچ شتێك هاوشێوەی نییە.

## داپیری ئۆباما لە حەجدا دوعای کردووە ئۆمابا موسڵمان بێت!



بەپێی هەواڵێکی رۆژنامەی (وەتەن)ی سعودی، ئەمساڵ لەفەریزەی حەج داپیرەو مامو چەند کەسێکی خزمی ئۆباما بەشداری مەراسیمی حەجیان کردووە.

سارە عومەری بەرەگەز کینیو تەمەن ٨٨ ساڵە، کە دەکاتە داپیرەی ئۆبامای سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە گفتوگۆیەکی تایبەت بۆ رۆژنامەی وەتەنی سعودی رایگەیاندووە: کە ئەو زۆر لەمێژە تامەزرۆی ئەنجامدانی فەریزەی حەجە، چونکە لەکاتی منداڵیو خوێندندا، گەورەیی مەککەو مەدینەی بیستووە.

ناوبراو لەو دیمانەیدا راشکاوانە دەڵێ: لەشوێنە پیرۆزەکان دوعام کردووە، زۆر پاڕاومەتەوە لە خوای گەورە کە ئۆبامای نەوەم موسڵمان بێتو هیدایەتی بدات.

سەعید حوسێن ئۆباما کە دەکاتە مامی ئۆباما، ئەویش لە حەجی ئەمساڵ بەشداری کردووە، وێڕای چەندین کەسی تر لە خانەوادەی سەرۆکی ئێستای ئەمریکا.

## خوێندنی قورئان دەبێتە هۆی چالاکبوونی سییەکانو چارەسەری هەناسە تەنگی



بەپێی توێژینەوەیەك دەرکەوتووە، کە خوێندنی قورئان بەدەنگی بەرزو تەجویدەوە، دەبێتە هۆی چالاکتر بوونی فەرمانی سییەکانو لاچوونی هەناسە تەنگی لای ئەوانەی تووشی ئەو جۆرە نەخۆشیە هاتوون.

رۆژنامەی (جمهوری) میسری ئەو هەواڵەی پشت راست کردۆتەوە، کە تێیدا دکتۆر سەمیر خدر سەرۆکی کۆمەڵەی نەخۆشییە هەستیارەکان لە ئەسکەندەریە رایگەیاندووە: نوێژو قورئان خوێندن، دەبنە هۆی سەلامەتی مرۆڤ لە نەخۆشیە هەستیارەکانی وەك: رەبۆ، تەنگە نەفەسی، خوران، نەخۆشی پێست، سەرەرای ئەوەی ناوبراو ئاماژەی بەوە داوە: کە سوجدەو رکوعو نوێژ هێزی بەرگری لەش زیاد دەکاتو مرۆڤ دەپارێزێت، هەروەها دەبێتە هۆی وەدەرنانی ماددەی (کۆرتیزۆن) لە لەشدا، کە بەمەش هاوسەنگی لە جەستە دروست دەبێو باری تەندروستیش رێك دەخات.

## قەشەیەك: ئیسلام رۆڵێکی گەورەی بینیوە لە دروستکردنی ئەمریکا

جیرالد دیرکس نووسەری ناوداری ئەمریکی لەپەرتوکێکی تازەیدا جەغت دەکاتەوە لەوەی موسڵمانان رۆڵێکی مەزنیان هەبووە لەبنیاتنانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بە شێوەیەك کە رۆڵی موسڵمانان لە رۆڵی هیچ ئایینێکی دیکە کەمتر نییە ئەگەر پتر نەبێت.

موسڵمانان پێش کۆلۆمبۆس هاتوونەتە ئەمریکاو، هەروەها یاوەری گەشتە بەناوبانگەکەشی بوونە، بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکی رێژەی زۆری موسڵمانان لەگەڵ ئەو ئەفەریقاییانە بوو، کە بازرگانە سپی پێستەکان بۆ بەندەیی دەیان هێنانە ئەمریکاو بازرگانیان پێدەکردن.

پەرتوکەکە بەناوی (موسڵمانان لەمێژووی ئەمریکا: میراتێکی لەبیرکراو) نووسەر پێی وایە بوونی موسڵمانان لەئەمریکا دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی هەزار ساڵی رابردوو لەو کاتەی کە موسڵمانان ئەندەلوسیان نۆژەن دەکردەوە بەشارستانیەتو دۆزینەوە زانستیو جوگرافییەکان، نووسەر بۆ سەلماندنی وتەکانی پشتی بە چەندین توێژینەوە بەستووە، کە توێژینەوەکان لەمێژووی دیکۆمێنتاری دەست پێدەکات بۆ لێکۆڵینەوەی جیناتو زمانەوانیو شارستانیەتی گشتی.

شیاوی باسە جیرالد دیرکس ئەمریکیەکی سپی پێستەو، لەزانکۆی هارفارد خوێندوویەتیو لەبواری دەروونزانی بووەتە پسپۆرو دواتر بووتە ئوستاد، ناوبراو قەشەیەکی مەسیحی بوو، دواتر بووە موسڵمانو چەندین کتێبی لەبارەی ئیسلامەوە نووسیووەو، چەندین وتاریشی لە بارەی ئیسلامەوە پێشکەش کردوونە.

## سەوزەو میوە مرۆڤ لە مردنی کتوپڕ دەپارێزێت



بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی توێژەرانی ئەمریکی دەرکەوتووە، کە زیاد بوونی رێژەی ماددەی دژە ئۆکسانی (ئەلفاکارۆتین) لەخوێن، دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی مردنی لەناکاو.

پزیشکی پسپۆر لەو بوارە (شاویانغ لی) کە ماوەیەکی درێژە لە ویلایەتی (ئەتلەنتا) کاری لەسەر ئەو بابەتە کردووە، بۆی دەرکەوتووە، کە باشترین شت بۆ بەرزکردنەوەی رێژەی ئەو ماددەیە لەجەستەی مرۆڤ، زۆر خواردنی سەوزەو میوەیە، کە دەبێتە هۆی تەندروستیەکی باشو دوور بوون لەمەترسی مردنی کتوپڕ.

لێکۆڵەران ئەوەشیان دەرخستووە: کە ئەو ماددەی (کارۆتین) هاوشێوەی ماددەی (لیبتا کارۆتینە) بەڵام کارایە بۆ لەناو بردنی خانە شێرپەنجەیەکانی مێشكو جگەرو پێست، بۆیە توێژەران هۆشیاری لەو بارەوە دەدەن، کە میوەو سەوزە تا دەکرێ زیاتر بایەخی پێ بدرێت بۆ خواردنو لەسەر ئاستی رۆژانە، چونکە سوودی زۆری بۆ ئەو مەبەستە تێدایە.

## ئەمساڵ ١٣ هەزار ئەڵمانی فەریزەی حەجیان ئەنجامدا



بەگوێرەی ئامارێکی باڵوێزی شانشینی عەرەبی سعودی لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا: ئەمساڵ ١٣ هەزارو ٤٥٩ کەس ڤیزای چوونە حەجیان وەرگرتووە، کە بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ٢٠٠٩ نزیکەی ٤ هەزار کەس کەمیشی کردووە.

شایانی باسە: هەروەك لە رۆژنامەی ئەلرپیازدا هاتووە، کەمکردنی رێژەی حاجیانی ئەڵمانی، بەهۆی قەیرانی داراییو زۆر بوونی ژمارەی هەژارانەوەیە لەوڵاتەکەدا، بەتایبەتیش لەناو چینی موسڵمانان.

## خوێندنی قورئان لە ناو کلێسا دەبێتە هۆی ناساندنی ئیسلام

قوتابیەکی سعوودی بەناوی ئەحمەد جەعفەر، کە قوتابی ماستەرەو، یەکێکە لەئەندامانی نێردەی سعودی بۆ ئەمریکا بۆ گفتوگۆی ئایینەکان لەئەمریکا، هەڵستا بە دەنگێکی خۆشو رەوان چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆزی لەسورەتی مەریەم خوێندنەوە، کە بووە جێی سەرنجی ئامادەبووان لە هەموو ئایینو مەزهەبە جیاوازەکانو، وای لێ هات دەیان لەئایینە جیاوازەکان لەو گەنجە بێنە پێشەوە پرسیار لەبارەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە بکەن، کە دوای ئەوە چەندان دەزگای راگەیاندن لەو وڵاتە بەگرنگییەوە ئەو هەواڵەیان بڵاوکردەوە.



